وەزارەتی ناوخۆ

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

# ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە داڵدەدان و هاوکاری کردنی ئاوارەکانی ناوخۆ و پەنابەران

## ٢٠١٧-١٩٩٢

ڕاپۆرتی ژمارە (١١): تشرینی یەکەم، ٢٠١٧

## ناوەڕۆک


| بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|
| .١ | پوختە:............................................................................................................ | ٢ |
| .٢ | شەپۆلەکانی ئاوارەبوون لە ١٩٩٢ تاکو ٢٠١٧:.......................................................................... | ٣ |
| .٣ | کاریگەری دارایی ئاوارەبوون لەسەر هەرێمی کوردستان:............................................................ | ٥ |
| .٤ | کاریگەری و رۆڵی مرۆیی و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان:................................................ | ٥ |
| .٥ | کۆتایی:............................................................................................................ | ٧ |

## ١- پێشەکی:

لە سەرەتای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢، هەرێمی کوردستان بووە پەناگەیەکی ئارام بۆ خەڵکی ئاوارە بە هەموو پێکهاتەی ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەیی لە عێراق و لە وڵاتانی دراوسێ. حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕابەرایەتییەکی بەردەوامی پیشاندا لە پێشوازی کردن و دالّدەدانی ئاوارەکان سەرەڕای ئەو قەیرانە دارایی و سیاسییەی لە ساڵانی نەوەدەکان و پاشان لە دوای ساڵی ٢٠١٤ ڕووبەڕووی بووەوە.

لە جێبەجێکردنی ئەرکە مرۆییەکانی خۆی، حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر پشتگیرییەکی پتەو کردووەتەوە لە بەها و بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ، وەکو مافی تاکە کەس، ئازادی، پێکەوەژیانی ئاشتییانە، تەبایی ئاینەکان و ڕێزگرتن لە فرەیی. ئەمە سیاسەتی ئاشکرای هەرێم بووە کە ئاوارەکان دڵنیا بکاتەوە ئەوان لەگەڵ هاوڵاتیانی تری کوردستان مافی یەکسانیان هەیە بۆ سوودبینین لە خزمەتگوزاریی و دەرفەتەکان. سەرەڕای قووڵبوونەوەی جیاوازییە سیاسیی و تایفییەکان لە عێراق و زیادبوونی ئاستەنگییەکان کە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان دەبووەوە، خەڵک دەرگای ماڵی خۆیان کردەوە و وەکو میوان پێشوازییان لە پەنابەرانی سوریا و ئاوارەکانی پارچەکانی تری عێراق کرد. ئاوارە و پەنابەران لە سەرتاسەری جیهان بە لاواز ناسراون و لەژێر مەترسی دوورخستنەوە و پەراوێزخستن دان، بەڵام هەرێمی کوردستان ئەوەی سەلماند کە بە خواستی سیاسی دەشێ پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە فەراهەم بێت لە سەختترین بارووددۆخیشدا.

لە ساڵانی نەوەدەکانەوە، چەندین قۆناغی ئاوارەبوون لە ناوخۆی عێراق و وڵاتانی دراوسێوە هەبووە بۆ ناو هەرێمی کوردستان. بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٣-ەوە، ئاوارەبوونی زۆرەملێ گەیشتە ئاستێکی بێوێنە بەهۆی بەردەوام زیادبوونی گرژی و نائارامیی، توندوتیژی و هەڕەشەی جۆراوجۆرەوە لە ئەنجامی شەڕی تایفی و تیرۆر و دەرکەوتنی داعش.

لەو کاتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرکەوتوویی میکانیزمەکان و توانستەکانی خۆی بنیادنا بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی گەورەی مرۆیی و ئاوارەبوون، ئەمەش بۆ پاراستن و هاوکاری کردنی ملیۆنان خەڵکی لێقەوماو. بە سەرکەوتن لە پاراستنی ئاسایشی سنووری خۆی، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ و (٣٠٠,٠٠٠) پەنابەری سووری لەخۆ گرتووە تەنیا لە دە ساڵی رابردوودا. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی سەرجەم پێوەرەکانی کردووە بۆ پێشوازی کردن لە ئاوارەکان بەبێ جیاوازی کردن لەسەر بنەمای نەتەوەیی و تایفی و ئاینیی. لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی هەرێم وانەی زۆر فێر بووە و زیاتر پابەندە بەوەی کە ڕۆڵی مرۆیی خۆی لە داهاتوو دا برەو پێبدات، ڕاپۆرتی تۆماری مرۆیی ئەوە پیشان دەدات کە حکومەتی هەرێم، لە سەرووی بنەما مرۆییە نێودەوڵەتییەکان هاوکاری پێشکەش کردووە و بە بەراورد لەگەڵ حکومەتە نیشتیمانی و هەرێمییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە پلەی یەکەم دێت.

## ٢ـ شەپۆلەکانی ئاوارەبوون لە ١٩٩٢ تاکو٢٠١٧:

### قۆناغی یەکەم: ئاوارەبوون لە ساڵانی نەوەدەکان

لە ساڵانی نەوەدەکان و لە ماوەی جیاوازدا، خەڵک لە تورکیا و ئێران و سووریاوە هانایان بۆ هەرێمی کورستان هێنا، لە هەمان ماوەدا ئاوارە عێراقییەکان و سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکان بە تایبەتی ئەندامان و سەرکردەی پارتە شیعەکان کە لە دەستی زوڵم و زۆری رژێمی بەعس ڕایان کردبوو هانایان بۆ کوردستان هێنا وەکو تاکە پەناگەی ئارام، زۆرێک لە ئاوارە و پەنابەران گەڕانەوە شوێنی خۆیان یاخود کۆچیانکرد بۆ وڵاتانی دەرەوە لە سەرانسەری جیهان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا هەرێمی کوردستان هێشتا داڵدەی (٤٠،٠٠٠) پەنابەری ئەو سەردەمەی داوە.

### قۆناغی دووەم: ئاوارەبوون لە ماوەی نێوان ٢٠٠٣ـ٢٠١٠

دوابەدوای شەڕی ئازادی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، تێکچوونی باری ئەمنی و زیادبوونی توندوتیژی و یاخیبوون و تیرۆر لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بووە هۆی ئەوەی ملیۆنان کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن. سەرەڕای ئەو بارگرانییەی بەهۆی داڵدەدانی ئاوارەکانی پێشوو هەبوو و لە چوارچێوەی توندوتیژییەکی چڕ و جەمسەرگیری تایفی لە بەشەکانی تری عێراق، هەرێمی کوردستان ئارەزوومەندانە ئاسایشی بۆ خێزانە ئاوارەکان دابین کرد کە لە نەتەوە و ئاینی جیاواز پێکهاتبوون.

لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠١٠، زیاتر لە (٨١٠ هەزار) ئاوارەی عێراقی ماڵ و شوێنەکانیان جێهشت و پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا وەکو تاکە پەناگەی ئارام لە ناوچەکەدا. لەنێو ئەو ئاوارانەی دوای ٢٠٠٣ دا، ٢٤٪یان عەرەبی سوونی، ٣٦٪ کوردی سوونی، ٢٥٪ مەسیحی و ئەوانی تر لە نەتەوە و ئاینی جیاواز بوون، وەکو یەزیدی و تورکمانەکان. دوابەدوای باشتر بوونی رەوشی ئاسایش بە شێوەیکی رێژەیی لەو ناوچەکانیان، زۆربەی ئاوارەکان گەڕانەوە، بەڵام (٩٦،٥٠٠) ئاوارەی دوای ٢٠٠٣ بەیەکجاری لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ بوونە کە ٢٩٪یان عەرەبی سوونین و ٤١٪ کوردی سوونی و ٢٣٪ مەسیحین و ئێستا بە تەبایی و یەکسانی لەگەڵ هاوڵاتیانی ئەو کۆمەڵگەی خانەخۆدا نیشتەجێ بوونە و بە ئارامی دەژین.

### قۆناغی سێیەم: ئاوارەبوون لە دوای ساڵی ٢٠١١

دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە سوریا ساڵی ٢٠١١، ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیانی سوریا پەنابەر بوون بۆ وڵاتانی دراوسێ و نزیکەی (٢٥٠،٠٠٠) پەنابەر هاتنە هەرێمی کوردستان و لە ژێر چاودێری و پاراستنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا مانەوە. ئێستا ٤٠٪یان لە نۆ کەمپ دەژین لە هەرسێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك ئەوانی تر لە ناو شارەکان لەگەڵ هاوڵاتیانی هەرێم دەژین.

ئەو پەنابەرانە کاتێک گەیشتنە هەرێم، هەموو شتێکیان لەدوای خۆیان جێهێشتبوو و بەتەواوی پشتیان بەستبوو بەو هاوکارییە مرۆییانەی پێیان دەگەیشت. حکومەتی هەرێم، سیاسەتێکی بێوێنەی پەیڕەوکرد لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ، کە ئازادی هاتووچۆ و نیشینگە و مۆڵەتی کارکردن و سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە بۆ فەراهەم دەکردن. هاوڵاتیانی سیڤیلیش کەمپینی کۆمەک کۆکردنەوەیان بۆ خێزانە پەنابەرەکان ڕادەگەیاند و دەرگای ماڵەکانیان بە ڕوویاندا کردەوە. لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە بەرپرسانە و مرۆڤانەیە، ٦١٪ی پەنابەران ئێستا لەڕووی ئابوورییەوە پشت بەخۆیان دەبەستن و تەون و تەبایی کۆمەڵایەتی پارێزراوە. ئێستا ژمارەی پەنابەرانی سوریا و تورکیا و ئێران و تەنانەت فەلەستینیش (٢٧٠،٠٠٠) کەسە لە هەرێمی کوردستان.

## قۆناغی چوارەم: ئاوارەبوون لە دوای ساڵی ٢٠١٤

پاش داگیرکردنی شاری موسڵ و چەندین شار و شارۆچکەی تر لە ساڵی ٢٠١٤، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەستیکردن بە هەڵمەتێکی دڕندانەی توندوتیژی وەکو کوشتنی بەکۆمەڵ و کوشتنی بێ جیاوازی و چەندین تاوانی دڕندانەی تر کە گەیشتنە ئاستی پاکتاوی ڕەگەزی و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی. لە ماوەی چەند مانگێکدا زیاتر لە (سێ ملیۆن) کەس ئاوارە بوون لە ناوخۆی عێراق، کە نزیکەی (ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار) کەس ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. جارێکی تریش هاوڵاتیان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازییان لە ئاوارەکان کرد و ئەوەی لە توانایاندا بوو کردیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریی و پێداویستییە سەرەتاییەکانیان. جگە لە دابینکردنی پاراستن و ئاسایش، هەرێمی کوردستان ڕازی بوو لەسەر بەشداری پێکردنی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان لە هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارییەتییە مرۆییە، هەربۆیە زەوی بۆ دروستکردنی کەمپەکان بۆ دیاری کردن و تۆڕی کارەبای گشتی بۆ هەموو کەمپەکان بەست.

هەروەها، حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی پەیڕەو کرد بۆ دەستگەیشتنی ئاوارەکان بە خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی بەخۆڕایی و قوتابخانەکان ڕاسپێردرابوون کە منداڵە ئاوارەکان ناونووس بکەن و حکومەتی هەرێمیش لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقدا کاری دەکرد بۆ دابەشکردنی خۆراک بەسەریاندا. ئەم شەپۆلە گەورەی ئاوارەبوون ٪٣٠ی لە ژمارەی دانیشتوانی کوردستان زیادکرد لەماوەی چەند مانگێکی کەمدا. حکومەتی پارێزگاکان و حکومەتی هەرێم هەروەها خەڵکی سیڤیل و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانیش ڕووبەڕووی تەحەدی گەورە بوونەوە، ئەمەش فشاری زیاتری خستە سەر ڕۆڵ و وڵامدانەوەی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان.

لە ئامادەکارییەکان بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری موسڵ، هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو وانانەی لە ئەزمونەکانی پێشووەوە وەری گرتبوو کاری وردی کرد بۆ بەهێزکردنی ئامادەباشیی و بەڕێوەبردن. ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ کە تازە دامەزراوە، ڕاسپێردرا بۆ ڕابەرایەتی کردنی هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆجێی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مرۆیی ئامادەکاری و هەماهەنگی بکەن بۆ وڵامدانەوەی بارودۆخەکە. ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، میکانیزمێکی دروست کرد بۆ دانانی پلانێکی مرۆیی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ و هاوبەشە مرۆییەکان. پلانەکە لە حوزەیرانی ٢٠١٦ داندرا و داوای پشتگیریی وهاوکاریی بەپەلەی کرد بۆ ڕێکخستن و ئیدارەدانی ئۆپەراسیۆنی مرۆیی ئاست بەرز. وەکو ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، زیاتر لە ملیۆنێک کەس لەماوەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئازادکردنی موسڵ لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ ئاوارەبوون و لەنێویاندا (٢٥٠،٠٠٠) کەس ڕووی لە هەرێمی کوردستان کرد. تاکو تشرینی یەکەمی ٢٠١٧، (١،٢ ملیۆن) ئاوارە لە کوردستان ماونەتەوە؛ ٪٨٢یان لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەژین لە شارو چارۆچکەکان و ٪١٨ یان لەنێو (٣٨) کەمپدا دەژین لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان.

بەهۆی شەڕی قورسی دژ بە داعش و قەیرانی سیاسی و ئابووری، توانستی خۆگونجانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی زۆر لاواز بووە و کەمی کردووە بەڵام حکومەتی هەرێم هەر پابەندە بە ڕاگرتنی بنەما مرۆییەکانی خۆی و بەردەوام دەبێت لە خزمەتکردنی ئاوارەکان، هەروەک بەردەوامە بووە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بە ئاوارە و پەنابەران وەکو:

- ← تەرخانکردنی زەوی بۆ دروستکردنی کەمپەکان؛
- ← دروستکردنی کەمپەکاندا و ڕاکێشانی تۆڕی کارەبا و ژێرخانی لە ناو کەمپەکان؛
- ← دانانی ئیدارەی مەدەنی لە ناو کەمپەکان و دابینکردنی پاراستن و ئاسایش؛
- ← پێشکشەکردنی خزمەتگوزاریی یاسایی و تەکنیکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی رەگەزیی و سێکسی لەناوە و دەرەوەی کەمپەکان؛
- ← کردنەوەی دەوامی زیادە لە قوتابخانە ناوخۆییەکان بۆ ئەوەی خوێندن بە زمانی عەرەبی بۆ منداڵە ئاوارەکان دابین بکرێت؛ لە ئێستا دا ٪٥٨ی منداڵانی پەنابەر و ٪٩١ی منداڵانی ئاوارە خراوەنەتە بەر خوێندنی فەرمی و نافەرمی.
- ← ئاسانکاری کرد بۆ بەیەکگەیشتنەوەی منداڵەکان بە خێزانەکانیان؛
- ← دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی بۆ سەرجەم ئاوارە و پەنابەران، وەکو ئامادەکردنی تیمی پزیشکی و نۆرینگەی گەڕۆکی فریاگوزاری؛
- ← دەرکردنی ڕێنمایی ئاسان بۆ هاتووچۆکردنی کارمەندانی بواری مرۆیی بە ئازادی؛
- ← لێخۆشبوون لە باج و دەرکردنی میکانیزمی باش بۆ خێراتر کردنی پرۆسەکە بۆ کەلوپەلە مرۆییەکان؛
- ← هاندان و داواکردن لە کۆمەڵگەی میوندار و سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگە تا پێشوازی و پشتگیری لە ئاوارەکان بکەن وەکو میوانی خۆیان؛
- ← گرتنەبەری چەندین ڕێ و شوێنی پێویستی تر.

### قۆناغی پێنجەم: ئاوارەبوون لە ساڵی ٢٠١٧

لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، سوپای عێراقی وحەشدی شەعبی چەندین هەڵمەتی سەربازییان ئەنجام دا لە ناوچەکانی کەرکوک، خانەقین، خورماتوو، ئاڵتون کۆپری، مەخمور، شنگال، رەبیعە و زومار و چەند ناوچەیەکی تر. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی، ئازار و ئەشکەنجە، تاڵانکردن، سووتان و وێرانکردنی موڵک و ماڵی هاوڵاتیان و کردنە ئامانجی دانیشتوان، بەتایبەتی کوردەکان. لە ئەنجامدا (١٦٠،٠٠٠) هاوڵاتی ماڵی خۆیان جێهێشت و بۆ پاراستن روویان کردە هەرێمی کوردستان. زۆرینەی ئەو خەڵکە تازە ئاوارەبووانە لەلایەن خزمان و هاوڕێیان و خێزانی مەدەنی داڵدە دراون، و هەندێکیشیان لە بینای تەواونەکراو و شوێنی گشتی و کەمپەکاندا ماونەتەوە. بارودۆخەکە لە ئێستادا زۆر خراپە بەهۆی کەمبوونەوەی توانی حکومەتی هەرێم و کۆمەڵگەی خۆجێیی و سنووورداری هاوکاری نێودەوڵەتی.

## ٣- کاریگەریی دارایی ئاوارەبوون لەسەر هەرێمی کوردستان:

زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوانی بە رێژەی ٣٢٪، حکومەتی هەرێمی خستە ژێر باری ئەرکێکی قورسەوە. تێچووی ساڵانە بە نزیکەی (٢ بلیۆن دۆلاری ئەمریکی) دەخەمڵێندرێ، لەو رێژەیەش تەنها بری ٢٥٪ ی لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە لەرێی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دابین دەکرێ، ئەوەی تر ٧٥٪ ی کەوتۆتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی مەدەنی سەرەرای ئەو قەیرانە داراییە قووڵەی لە ٢٠١٤-ەوە کاریگەری دەخاتە سەر هەرێمەکە. ئەو فشارە داراییە زۆر زیاتر زەق بووە بە هۆی بڕیاری حکومەتی فیدراڵ بۆ برینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دابەزینی بەرچاوی نرخی نەوت.

بری تێچووی خەملێنراو بۆ دابین کردنی پێداویستی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، ئابووری و مرۆیی ئاوارەکان و پاراستنی سەرجەم مافەکانیان لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە (١،٩ ملیار دۆلاری ئەمریکی) لە ساڵێکدا. تێچووی دابینکردنی پێداویستییە هەرە سەرەتاییەکانی رۆژانەی هەر ئاوارەیەك، وەکو شوێنی حەوانەوە، ئاسایش، ئاو و پاکوخاوێنی، کارەبا، تەندروستی، پەروەردە، بەرێوەبردن و ئیدارەدانی کەمپەکان دەکاتە (٣،٧ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی). بە بوونی (١،٥ ملیۆن) ئاوارە و پەنابەر لە کوردستان دا.

**پوختەی تێچووی ئاوارەکان بەم شێوەیە:**

- خەرجی رۆژانە: ٥،٥٥٠،٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی
- خەرجی مانگانە: ١٦٦،٥٥،٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی
- خەرجی ساڵانە: ١،٩٨٨،٠٠٠٠٠٠دۆلاری ئەمریکی

## ٤- کاریگەری رۆڵی مرۆیی و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

### هەلی کار

حکومەتی هەرێم، سیاسەتێکی بۆ سەرجەم ئاوارە و پەنابەران پەیرەو کرد لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ ئەوەش پێدانی مۆڵەتی نشینگە و کارکردن بوو. ئەوەش بووە مایەی دەرفەتی کارکردن بۆ ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەر و ئامارێکی دڵخۆشکەری رێژەی کاری بەرهەم هێنا، کە ٦٣،٥٪ی ئاوارەکان و ٨٧،٩٪ی پەنابەرانی سوریا ئەوانەی دەتوانن کاربکەن، کار دەکەن و داهاتێک وەدەست دەخەن لە ناوە و دەرەوەی کەمپەکان. حکومەتی هەرێم پابەندە بە بەردەوامی هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوە و دابین کردنی دەرفەتی کار بە یەکسانی بۆ هەموو هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هەر بەم مەبەستە چەندین سەنتەری راهێنانی کردووەتەوە بۆ ئاوارە و پەنابەران تاکو بتوانن کار بدۆزنەوە یاخود ببنە خاوەن کاری تایبەت بە خۆیان لەناو کەمپەکان و لەگەڵ کۆمەڵگەی میواندار.

## ئازادی هاتووچۆ

ئەو ئاوارە و پەنابەرانەی لە ناو شارەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی میواندار نیشتەجێن ئازادی تەواوی هاتووچۆیان هەیە لەناو هەرێم دا، سەبارەت بەوانەی لە کەمپەکاندا نیشتەجێن ئەوانیش ئازادن لە هاتووچۆکردن بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی کار و چوونە قوتابخانە و نەخۆشخانە و وەدەستهێنانی خزمەتگوزاری گشتی و سەردانیکردنی دۆست و خزمانیان. سەرجەم ئاوارە و پەنابەران مۆڵەتی نشینگەیان پێدراوە و بە ئازادانە دەتوانن لە هەرێمی کوردستان دا هاتووچۆ بکەن، پەنابەران تەنانەت دەتوانن سەردانی خێزانەکانیان بکەن لە سوریا و بگەڕێنەوە کوردستان بێ هیچ ڕێگرییەک. ئەم سیاسەتەی حکومەتی هەرێم ڕەنگدانەوەی سرووشتی ئاڵۆزی ئاوارەبوونی درێژخایەنە و ئەو کێشانەی کە خێزانە ئاوارەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە کاتێک دەیانەوێت بگەڕێنەوە ماڵەکانیان.

## سوودبینین لە خزمەتگوزارییەکان

سەرجەم ئاوارە و پەنابەرانی هەرێمی کوردستان لە خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەکو ( ئاوی خواردنەوە، کارەبا، سیستەمی خوێندن، سیستەمی تەندروستی گشتی، قیرتاوکردنی شەقام، دامەزراندنی سیستەمی ئاوەڕۆ..هتد) بە یەکسانی وەکو هاوڵاتیانی کوردستان سوودمەندن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بڕوابوون و پابەندبوونی حکومەتی هەرێمە بە بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و شکۆی مرۆڤ تەنانەت لە بارودۆخی سەختیش دا. سەرەڕای ئەوەش حکومەتی هەرێم بڕوای وایە کە ئەم سیاسەتە گرنگی زۆری هەیە لە یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و متمانە و پێکەوەژیانی ئاشتییانە.

بۆ زیاترکردنی هەلی خوێندنی منداڵە ئاوارەکان، حکومەتی هەرێم زەوی بۆ دروستکردنی شوێنی خوێندن دابین کرد و ژمارەی دەوامی قوتابخانەکانی زیاد کرد بۆ زیاتر لە دوو دەوام. هەروەها مامۆستای دامەزراند بۆ ئەوەی لەو قوتابخانە و سەنتەری فێرکارییانە وانە بڵێنەوە لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان دا. لە ئێستادا ٥٨٪ی منداڵانی پەنابەر خراونەتە بەر خوێندنی فەرمی، ئەم ڕێژەیە بۆ منداڵانی ئاوارە بریتییە لە ٩١٪. جگە لەوە، حکومەتی هەرێم ساڵانە ژمارەیەک کورسی خوێندنی لە زانکۆ گشتییەکانی هەرێم بۆ ئەو خوێندکارە ئاوارانە تەرخان کردووە کە دەیانەوێت درێژە بە خوێندنیان بدەن لە زانکۆ.

سەبارەت بە سیستەمی تەندروستی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی داوە بە سەرجەم ئاوارە و پەنابەران کە سوود لە نەخۆشخانەی گشتی و سەنتەری پزیشکی وەرگرن بە خۆڕایی، تەنانەت لەو رسوماتی تۆمارکردنەش بەخشراون کە هاوڵاتیانی کوردستان دەیدەن. هەروەها دکتۆر و پەرستیار و کارمەندی پزیشکی تری بۆ نۆرینگە و سەنتەرە پزیشکییەکانی ناو کەمپەکان داناوە بۆ فراوانترکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ هەموو ئەوانەی لەناو کەمپەکاندا دەژین و ناتوانن دەستیان بگات بە نەخۆشخانەکانی ناو شار بەهۆی دووری و تێچووی ڕێگاوە.

سەرەڕای ئەوەش، هەموو کەمپەکان ئاو و کارەبای گشتیان بۆ بەستراوە یاخود مۆلیدەی کارەبایان بۆ دابین کراوە و بیریان بۆ لێدراوە بۆ دابینکردنی ئاوی خاوێن و کارەبا. ڕێگاوبانیشیان بۆ دروست کراوە و ڕێگای کەمپەکان بەستراونەتەوە بە ڕێگای سەرەکی شارەکان تاکو ئاوارەکان بە ئاسانی بتوانن هاتوچۆ بکەن، ئەم هەوڵانە بە پشتگیری هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بووە.

## پاراستن و دادپەروەری

هۆکاری سەرەکی ئاوارەبوون ئەشکەنجە و ترس و توندوتیژییە. حکومەتی هەرێمی کوردستان، شانازی بەوە دەکات کە وەکو پەناگەیەکی ئارام هەڵبژێردراوە بۆ خەڵکی سیڤیلی هەڵاتووی عێراقی و سوریا لە توندوتیژیی. حکومەتی هەرێم زامنی ئاسایش و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی کردووە بۆ ئاوارە و پەنابەران و هاوڵاتیانی خۆشی، سەروەری یاسا و دادپەروەری بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێ دەکات بەبێ جیاوازی.
جگە لە دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی گشتی، حکومەتی هەرێم بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەرایەتی و نوسینگەکانی خۆی زیاتر کردووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕەگەزی و سێکسی، ئەمەش لەڕێی کردنەوەی نووسینگە لە زۆربەی کەمپەکان دا و دامەزراندنی تیمی گەڕۆک، هەروەها سەرچاوە و دامەزراوەکانی خۆی خستووەتە بەردەست بۆ تیپەڕاندنی مامەڵەی نشینگە و مۆڵەتی کارکردن و نوێکردنەوە و دەرکردنی ناسنامە و بەڵگەنامەی نیستیمانی بۆ ئاوارە و پەنابەران، هەموو ئەم خزمەتگوزارییانەش بەخۆڕایین.

## سیاسەتی گەڕانەوە

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵوێستیکی جێگیر و ڕوونی هەیە سەبارەت بە پڕۆسەی گەرانەوە، ئەویش گەڕانەوەی ئاوارەکانە لە هەلومەرجێکی پارێزراو و شکۆدار و ئارەزووومەندانە. بە لەبەرچاوگرتنی باشترین بەرژەوەندی هاوڵاتیان، هەرێم بەجدی کاری لەسەر ئەوە کردووە کە گەڕانەوەی ئاوارەکان بە پڕۆسەیەکی سەرکەوتووی شەفاف بەڕێوەبچێت.

بە ڕەچاوکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و بۆ ئەوەی گەڕانەوەیەکی سەلامەت و ئارەزووومەندانە و درووست بۆ خەڵکی ئاوارە زامن بکرێت، حکومەتی هەرێم هیچ بڕیارێکی دەرنەکردووە وەکو فشار وەکو داخستنی کەمپەکان یاخود هەر شێوازێکی فشار بۆسەر ئاوارەکان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. لەگەڵ ئەوەش دا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە و بەردەوام دەبێت لە پێشوازی کردنی هەوڵی گەڕانەوەیان وبەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی هەرچی لەتوانایدا هەبێت بیکات بۆ پشتگیری کردن و کارئاسانی کردنی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەیان. ئەم سیاسەتەش بەدرێژایی ئەم قەیرانە مرۆییە جێگیر بووە.

## کاریگەری هاوکاریی مرۆیی

بۆ دیاریکردنی ئەو بۆشاییەی لە هەماهەنگی و وەڵامدانەوەی هەوڵەکاندا هەیە، حکومەتی هەرێم، ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (JCC)ی دامەزراند وەکو فەرمانگەیەکی هەمیشەیی حکومەت بۆ ڕابەرایەتی کردنی هەماهەنگی و هاوکاریی مرۆیی. تۆڕی نوسینگەکانی (JCC) پێکدێت لە بنکەی سەرەکی ناوەند لە هەولێر؛ بەرپرس لە هەماهەنگی ستراتیجی، هەروەها هەر سێ نووسینگەکانی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک کە بەرپرسن لە هەماهەنگی و وەڵامدانەوە و بەڕێوەبردنی قەیرانی مرۆیی لە ئاستی مەیدانی. ئەم تۆڕی نوسینگانە نەک تەنیا برەویان داوە بە هەماهەنگی لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکیش دەبینن لە ڕێکخستنی هەڵمەتە مرۆییەکان و ئاسانکردنی کاری کۆمەڵگەی مرۆیی. لەڕێگەی ڕێکخستن و ئاسانکاریی و هەماهەنگییەوە، تۆڕی نوسینگەکانی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان ئەرێنییانە کاریگەری کردووەتە سەر کات و چۆنیەتی و تێچووی هەڵمەتە مرۆییەکان لە هەرێمی کوردستان دا.

## ٥ـ کۆتایی:

ئەم ڕاپۆرتە هەڵسەنگاندنێکی گشتی پێشکەش دەکات سەبارەت بە ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی پەناگە و ئاسایش و هاوکاریی بۆ ئاوارەکانی عێراق و پەنابەرانی وڵاتانی دراوسێ لە سێ دەیەی ڕابردوو دا. هەروەها تیشکی خستە سەر ئیجرائات و سیاسەتەکانی هەرێم لە بەڕێوەبردنی قەیرانی ئاوارەبوون لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٢ تاکو ٢٠١٧ و گۆڕانی هەرێم بۆ پەناگەیەکی ئارام لەناو عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پڕ ئاژاوە و شەڕئامێز. لە ڕاپۆرتەکەدا هەوڵ درا ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە چۆن لەرێی ڕۆڵی مرۆیی خۆیەوە هەرێمی کوردستان توانی ئەو پەناگە ئارامە دروست بکات لەهەمان کاتیش دا ڕووبەڕووی سێ دەیە لە جەنگ و کێشە و ئابلۆقەی ئابووری و قەیرانی دارایی ببێتەوە.

هاوکات تیشك خراوەتە سەر سەرکەوتنی هەرێم لە بەدەمەوەچوونی پێویستییەکانی نزیکەی چوار ملیۆن ئاوارە و پەنابەر لە ساڵانی ١٩٩٢ تا ٢٠١٧، لەگەڵ پاڵپشتییەکی زۆر سنوورداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و حکومەتی عێراقی. لە ساڵی ٢٠١٤ەوە، هەرێمی کوردستان بارێکی قورسی مرۆیی کەوتووەتە سەرشان و دەرئەنجامی گەورەی لێکەوتووەتەوە بۆ دانیشتوانی خۆی. سەرەڕای دەستکەوتە مەزنەکانی ساڵانی ڕابردوو، فشاری مرۆیی، قەیرانی دارایی و سیاسەتە نەیارەکانی حکومەتی فیدراڵ پێکەوە، پاشەکشەیەکی مەترسیداریان بە پێشکەوتنی ئامانجەکان کردووە.

کەمی و خراپی ژێرخان و خزمەتگوزاری پەروەردە، شوێنی حەوانەوە، تەندروستی، ئاوی خاوێن و کارەبا و خزمەتگوزارییەکانی تر، بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرییان خستووەتە سەر باری ژیان و پێشوەچوونی کۆمەڵایەتی لەناو هەرێم دا. یەکێکی تر لە دەرەنجامە خراپەکان، دواکەوتنی موچەی فەرمانبەران و کەمکردنەوەی سوود و خانەنشینییە. هەروەها، ڕێژەی بێکاری سێ هێندە لە (٣٪ لە ٢٠١٣ بۆ ١٤٪ لە ٢٠١٧) زیادی کرد.

بێ شک هەرێمی کوردستان توانای لەخۆگرتنی ئاوارەی تێپەڕاندووە، هەر بۆیە پێشوازیکردن لە ئاوارەی زیاتر کارەساتێکی مرۆیی دروست دەکات و هەرێم دەخاتە ژێر هەڕەشەی ڕووخانی تەواوی پایەکانی کۆمەڵگە و ئابووری و سیاسی و ئاسایش، هەروەها بێ زیادکردنی پشتگیری نێودەوڵەتی ناتوانێت چیتر ئەو پەناگە ئارامە بێت. بەبێ گۆڕانی ڕاستەوخۆ لە سیاسەتی نێودەوڵەتی، هەرێم ناتوانێت دەست بگرێت بە ڕۆڵە مرۆییە نمونەییەکەیەوە لە کاتی پاراستنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی خۆی و سەقامگیری هەرێم.

فشاری سەر هەرێم، هەر لە ئێستاوە ئاکامی بەرپەچ نەدراوەی بەرهەم هێناوە، بەڵام هەڵوەشانی تەواو کاریگەری زۆر قووڵتری دەبێت نەک تەنیا لەسەر هەرێم و ئەو ئاوارانەی لەخۆی گرتوون بەڵکو لەسەر تەواوی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. تەنیا ستراتیجی ڕاستەوخۆ و درێژخایەنی هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان یارمەتی هەرێم دەدات بەرگەی ئەو پێشوەچوونە وێرانکەرانە ببێتەوە و درێژە بدات بە ڕۆڵ و سیاسەتی مرۆیی خۆی. لە نەبوونی پشتگیریی و هاوبەشییەکی وەهادا، هەرێم ناچار دەبێت ڕێوشوێنی تر بگرێتەبەر وەکو سیاسەتی توندی هاتنەناوەوەی هەرێم بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی دەستووری خۆی بۆ پاراستنی سەقامگیریی و ئاسیشی هەرێمەکە.

چارەسەری گونجاو؛ ستراتیجییەکە پێویستە لە دابینکردنی هاوکاریی فریاگوزارییەوە بگۆڕێت بۆ سەرنج خستنە سەر کەرتی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بە یەکخستنی هاوکاری دارایی مرۆیی لەگەڵ سەرچاوە خۆماڵییەکان بۆ بەستنەوەی هاوکارییە مرۆییە فریاگوزارییەکان بە دروستکردنی سەقامگیریی و پێشکەوتن وەکو: یەکەم، دابینکردنی بودجەی پرۆژەی بچوک کە کاریگەری خێرای هەیە؛ دووەم، دابینکردنی بودجەی پرۆژە سەرەکییەکان بۆ پێشخستنی خزمەتگوزارییەکانی وەکو بەرزکردنەوەی ژێرخانی ئابووری ئێستا و پرۆژە تەواونەکراوەکان؛ سێیەم، دڵنیابوونەوە لەوەی کە کۆمەڵگە میواندارەکان سوود لەو هاوکارییە دارایی و قەرزانە وەردەگرێت کە بە عێراق دەدرێت بەمەبەستی سەقامگیریی و پێشکەوتن لە وڵاتەکە و هەرێمی کوردستان دا.

***بۆ هەر پرسیار و زانیارییەکی تر***

***تکایە پەیوەندی بکەن بە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (JCC)***


**ئیمەیل:**

**Info.jcc@moi.gov.krd**

**Jcc@MoI.gov.krd**

**ژمارەی پەیوەندی کردن:**

**+964 751 1205505**